# کۆیلە یا کرێکار؟

## پێشکەشە بە شەهیدانی سیکاگۆ

**تەها ئەمین هەڵەدنی**

**چوار ڕۆژە لەناو شەماندەفەرو پاپۆڕدا ئەمدیوئەو دەکا،بە بێ ئەوەی کەسێ بۆرە سڵاوێکی لێبکا!ڕێبوارەکان سەردەکەون و دادەبەزن،هێشتا نەشگەشتۆتە جێ و کەسێکیش هاودەمی ناکا، لەژانی گەشتەکەی کەمکاتەوە!بۆ چەندەمین جاریش پەرتووکاکانوو ڕۆژنامەکانی تاو توێ کردەوە،دادی نەدا!هەرچەند ئەویش فێری دورەپەرێزی بوە،(دووگا لە شوێنێکا ژیان خووی یەک نەگرن ڕەنگی یەک دەگرن)ئاخر مرۆڤ مرۆڤەو بەردیش بەرد.هەرچەند ئەڵێین کە بەردیش تەقەی لێوەهات،ئەوەش هاوارە! بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات،لە جنێوو دەچوو،ڕەنگە هاواری تەنییایش بوبێ!هاواری تەنییایش ڕەوای مرۆڤە. لەبەرخۆشیەوە ووتی:ئەم گەلانە مردوون، لە قاڵبی مرۆڤایەتی دەرچوون،پەیوەندی کۆمەڵایەتیان نەماوە،شیرازەی ژیانیان شێواوە،شەمەنەفەروو پاپۆڕەکانیشیان لەگەڵ هەموو دەستێکی هونەری و جوانیا، گۆڕستانێکەو کێلەکانی کەمە!**

**ئاخر چۆن دەبێ ٩٦ کاتژێر کەسێک پێی نەووتبی چۆنی؟!**

**ڕەنگە هێندە ناشیرین بم، کەس نەیەوێ سڵاوم لێبکا؟ڕەنگە گووناهی ڕەشی سەرم بێ؟واسی بەهاری تەمەنی پاڵنا تازە هەست دەکا کە سەری ڕەشە!؟**

**نا...................نا.........نا ئەوەنیە دەوروو بەری چاوشینوو پرچ زەردن،کەچی هەموو ئەڵێی تەرمن؛کەس ووڕتەی لەدەم دەرنایە.ئەڵێی دەنکە شقارتەی ناو شقارتەن، لە ناو خانوەکایشیان لە دەنکە شقارتە دەچن!**

**بۆ جیاوازی ژینگە هۆکار نەبێ؟!ئێمەی پەروەردەی ژینگەیەکی تۆپزاوی، ئەوانی پەروەردەی ژینگەیەکی هێمن!**

**ئەوە نیە هەر دوو سێ سەرڕەش چوونە خانویەکەوە سویدەیاکان ڕادەکەن!ناهەقیشیان نیە سەر ڕەش کە قسەش دەکا لە سوویدی وایە شەڕدەکەن!**

**هەرگیز باسی یەکتر ناکەن، لە پاش ملە!ژیانی ئەمانە ڕاستە،کچ و کوڕ یەکتر لاسەر شاقامەکان ماچ دەکەن کەس تەماشا ناکا،کەس ناپرسێ، کەس بە چاوی سووک تەماشایان ناکا!لای ئێمە لەسەر ماچ خەڵک دەکوژرێ!**

**نا.........نا........نا ئەوەش ڕاست نیە، مرۆڤ هەرستوو سۆزەکانی لەدەست بدا!!**

**وەستانی شەمەنەفەرەکە زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕ پچڕی ناو دەریایەکی بێ کەنار کرد.**

**ئێستا ناتاوێتر دەگاتە سنووری سۆڤیەت شاری کالیبالیزمەکان،ئەوشارەی ئامادەبوون هەموو ببنە قوربانی و زەلیلی دەستی فاشیەکان نەبن!لینینگراد کەرەستەی ملیۆنەها داستانی قارەمانی ڕاستەقینە!شارە هەرە خۆگرەکەی مێژوو. ورەد ورەد هاوڵاتی سۆڤێتی سەردەکەوتن،دوبارە مەلی ئەندێشەی تەرەی قوڵی ئاسمانە.بیری لەو ڕستەی ئەرستۆ دەکردەوە کە ئەڵێ:کۆیلەکان ناتوانن ڕزگاریان ببێ!تا بڵێی تامەزرۆی بینینی پەلەی مۆزەخانەی جەنگی نازی کانە، لەپڕ بە بانگێ**

©Kurdistan Net

خەوەنەبێداریەکەیان زڕان، لە ئەندێشەیدا دیویست تابلۆیەک بکێشێ کە جیاوازی نەبێ لە ئەنفالی محەمەدی و سەدامیوو هیتلەری !دەستی تابلۆکێشانی نیە، کەچی دەیوویست وەک بلیمەتەکان تابلۆیەک بنەخشێنی سەرلە تەماشاکەر بشێوێنی!

سێ کیژی ناسکۆلە،کۆڕێکی قیتوو قۆز سێچوار شەقاو لە چەپیەوە بانگیان دەکرد.لە بانگکردنە ئارمیەکەیان تێدەگەشت، بەڵام تێنەدەگەشت بۆ بانگی دەکەن،چیان لێی بوێ،چی بەم دەکرێ تا ئەنجامی بدا؟!

سەیرە!بلێی لە چاویاندا پرچی زەردبێ ئەم زەرد بێ ؟!

ڕەنگە ئەو کیژە پرچ زەردە ڕووسەش وەک کیژە پرچ زەردە سویدەیەکەی لێی بوێ، هەمبەرگریشی پێبکڕی و پاشان تفێکیشی لێبکا!

سەدەها پرسیار بە خانەکانی مێشکیدا دەهاتنوو دەچوون،لەبەر خێرایی و زۆری پرسەکان فریایی وەڵامی هیچیان نەدەکەوت!

بەنەرمیەکەوە بە ئینگلیزی ووتی:ببورن من زمانی ڕووسی نازانم!

کە دووبارەو سێ بارە فەرمووی سەر مێزەکەیان کرا،بە شەرمەوە چوە تەنیشتیان دانیشت،بەڵام نەیدەزانی چیبلێ،زووتر هەستی کرد ،کە ئەوان ئینگلیزی نازانن!یەکێ لە کیژە خرپیاکان، دووسێجار دووبارەی کردەوە (ئای کانت ڕەشە)ئەم زیاتر شەرم دەیگرات،چونکە بۆنی لاسایی ڕۆژهەڵاتییانەی لێدەهات. هێندەی نەمابوو مێزەکەیان بەجێبهێلێ، لەپڕ بوتلێ ڤۆدگایان دەرهێناو کەوتنە پرسیار کردن لێی، بەشێوازی کەڕوولاڵییانە.

فەرمووی پێکێکیان کرد ، لەگەڵ پارچە بەزێکی پشتی بەراز،کە لە سەلکە سابوونێی خوساوو دەچوو.

باوەڕکەم کە لێیان تێگەشت کە یەکەم پێکیان بە خۆشی بوونە هاوڕێ نۆشی!

هەرپاش ئەوەی کە کەمێ سەریان گەرم بوو، دەتریقانەوە، نەشارەزایە ئەو دیمەنەی دیتبا بێ یەکوو دوو دەیووت :کە ئەوانە هاوڕێیی منداڵین!

پاش چەند حەوتویەکجیاوازی ڕۆژهەڵاتوو ڕۆژئاوای بە ئاشکرا بەدیکرد.

دیتی ڕۆژهەڵاتی سەرجەم ڕووخۆشوو باوەڕ بەخۆ، میوان دۆست، ڕووکراوەو کراوە!

ڕۆژئاوایش مرووموچ و گۆشەگیر، لەخۆ بێزار، بێهیوا ، کیناوی!

تۆ بلێی خەڵکی دانیشتووی سیستەمی سەرمایەداری، کۆئەندامێکیان کەمترکرابێتەوە لە چاو خەڵکانی داینشتووی سیستەمی سەرمایەداری، یان هەرکەم بوە؟!

پسپۆڕانی وڵاتانی سەرمایەداریش بۆ لە خشتە بردنی لە دیاردە سەیرە ئەڵێن:گۆشەگیری و نەخۆشیە دەرونیەکانی تر بۆنمونە سوید گوناهی ساردی و کەمی تیشکی ڕۆژە!

هەرزۆر زوو ئەو درۆشاخدارەی لا ئاشکرا بوو،چوونکە بەهۆی هەواڵەکانی کەشسناسیەوە بۆی دەرکەوت کە کەشی لینینگراد هەمیشە ساردترە لە کەشی سوید.

بۆ وەڵامی پرسیار نەگەڕا کە گۆشەگیریوو نەخۆشیەدەرونیەکانی خەڵکی ناو سیستەمە سەرمایەداریەکان گۆناهی کارو کارخانە بێ،چونکە سۆڤێتیش ووڵاتێکی پیشە سازیە!



©Kurdistan Net

خۆ لەبەر ڤۆدگا هەرزانیش نیە، کە خەڵکی لە گەڵ کەمدەرامتیشدا گەشبینین!

پاش ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ کەسێکی پسپۆڕدا پەیدا کرد، هەستی کرد کە ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بێ وەڵامەی دەست بکەوێ کە وێلی دوای وەڵامە!

بۆ دانیشتوانی خەڵکی سیستەمی سەرمایەدای لە گەڵ سیستەمی سۆسیالیستی لە زۆربەی بوارەکاندا جیاوازە؟

+١ مای ١٨٨٦ کرێکار لە ١٥ کاتژێرەوە تا ١٨ کاتژێر کاری دەکرد لە زۆربەی جیهاندا.

کرێکار ژیانوو گوزارانی نە بوو، بەڵکوو کرێکار نەبوو، شێوازێکی نوێی کۆیلەیەتی بوو، مرۆڤ ١٨ کاتژمێر کار بکا، کەی ئەوە ژیانە!

١٨ کاتژمێر بەدەم خۆشە!

ئەی چەند بخەوێ؟!

ئەی چەند لای هاوسەرو ماڵوو منداڵی بێ؟!

ئەی کار کردن لە پێناو چیدا بێ؟!

بۆ کێ ئیشبکا، بۆ خۆی یا بۆ کەسێتر؟!

ئەوەبوو ١مای کرێکاران خۆپیشاندانیان سازکرد، ئەنجام ٤ لەسەرکردەکانی کرێکاران لەداردران، سەگەکانی سەرمایەداریش(پۆلیس) کەوتنە دروێنەی کرێکاران بە گوللە١٨ یان شەهید کرا.

بەڵام کرێکاران سەرکەوتن ١٨ کاتژمێر کاریان بۆ کرا بە ٨ کاتژمێر.

بەڵێ لە هەردوو سیستەمەکەدا سەرمایەداریوو و سۆسیالیستەکانیشدا ئەڕۆ ٨ کاتژمێر کرێکار کار دەکا، لە ڕژێمە بەربەریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا گەڕێ، ئەوانە هێشتا لە چەرخی مارتن لۆتەردا دەژن، واتە ٥٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ !

خۆم لە کارخانەی مەگنتێی (موقناتیز)ئەڵمانی ڕۆژهەڵات پاشان ڕۆژ ئاواش کارم کردوە.کە هەمان ئەندازە مەگنێتیان بەرهەم دەهێنا واتە:لەهەردوو ووڵات ڕۆژانە ١٥ مەگنێت بەرهەم دەهێنرا.

لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات چونکە کارخانەکە کارخانەی میری بوو، هیکەسێکی تایبەتت نەبوو، ١٥٠ کرێکار کاریان تێدا دەکرد!

بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا تاکە کەسێ یان دوو سێ کەس خاوەنیە، ١٥ کرێکار کاری تێدا دەکا، هەروەها کۆمەڵێ بڕیاریشیان بەسەردا سەپاندون، کەئەگەر بە پێی مەرجەکانی خاوەن کار ڕەفتار نەکەن، ئەوا مووچەی تەویان نادرێتێ.١

واتە:ئەگەر وای دانێین دەبێ لەو ٨ کاتژمێرەدا ئەگەر١٥ مەگنێتیان بەرهەم هێنا ئەوا بۆنمونە ٧٠$ وەردەگرێ لە بەرامبەر فرۆشتنی هێزی بازوویدا.خۆ ئەگەر ١٥ مەگنێتی بەرهەم نەهێنا ئەوا٢٠% لە موچەکەی وەرناگرێ!

بۆیە کرێکاری سیستەمی سەرمایەداری بە خولەک ماوەی سەرخورانی نیە.دەبێ هەستە غار هەستە غار، دەی دەی تا بتوانی مەرجەکانیخاوەنکار بە ئەنجام بگەیەنێ!

ئەو ڕەوشە ڕۆژێک نیەو دوان نیە و مانگوو ساڵیش نیە،بەڵکوو لە دوای ١٨ ساڵیەوە ئەوە کاری کرێکارە لەسیستەمی سەرمایەداریدا،بەڵکوو نەوەی دەست کورتەکان هەر لە ١٤ ساڵیەوە دەتوانن کار بکەن لە کاتی پشووی هاوینی قوتابخانەکانیاندا.

ئەوکرێکارانە هەمیشە ،تەنانەت لە خەوشدا لە بیری کاروو کارخانەدان،بۆ نمونە ٨کات کار+١ پشوو+٢کات ئەمسەرەو سەری کارگەو ماڵەوە+٨کات خەوتن،بەپێی ڕاپۆرتی پزیشک پێویستە،سەجەم ١٩ کات لەناو کارگەو خوە ڕێگاوبان.ماوە ٥کات لە سەرجەم ٢٤ کاتدا کە شەوڕۆژ دەکا!

مرۆڤ لەو ژینگەدا بژی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەستە مرۆیەکای لەدەست دەدا، چونکە وردەوردە ڕادێ لەگەڵ تەنهایدا،وزەی وای نامێنێ ئیتر فریای سۆزو خۆشەویستی بکەوێ.

بۆیە پەیوەندی خێزانیش تەنها پەیوەندی سێکس دەمێنێتەوە!

زۆربەمان دیومانە ژنوو مێرد کە خاوەن منداڵیشن لەسەر سەنتێ دەتوانن ساتێ گفتوو گۆ بکەن.

کرێکارانی ڕێستوڕانەکانی ئەڵمانیایی ڕۆژئاوام دیوە بەتایبەت ماکدۆناڵد کە زۆربەیان تورک یا کورد کاری تێدا دەکەن،خۆزگە دەتدی...... وەک مزراح ئەو ٨ کاتژێرە فرکەیان دێ، ئەو شێوە کرێکارە مانگێ دەبێ پشوو با نەک سبەی دووبارە دەست بەکاربێ.

بەڵام کرێکاری سیستەمە سۆسیالیسیەکان بە هەموو کەمووکوڕیەکیشیانەوە ،چونکە کارگە کارگەی میریە لای گرنگ نیە،کە کێ زیادەیە دەری بکا یا نا،ووتم ١٥٠ کرێکار هەمان کاروو بەرهەم ،قسە دەکەن، گاڵتە دەن،ماوەیان زۆرە کە گرێکۆێرە لە مێشکیاندا دەرست نەبێ.

کار کردنەکەیان کۆلکە گەشتێکە نەک کۆیلەیەکی بەڕێز.

جا بۆیە کەسایەتی ڕۆژهەڵات ڕوخۆش دەم بە پێکەنین، باوەڕ بەخۆ،ورەبەرز.

هیوامە وەڵامت دەست کەوتبێ؟

باوەڕی تەواوم هەیە، کە هیچ گەلێ لە گەلێکی کە کەمترروو زیاترە نیە،ئەوە تەنها سیستەمە سیاسیەکەیە گەلان وا لێدەکا جەلاد بن، فاشی بن،دز بن،دەستپاک بن مرۆڤکوژبن یا مرۆڤ دۆست هیچ نەبن هەموو شتێ بن. تورکەکان ئەڵێن زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانی سەرگۆی زەویە ،بەڵام ئەگەر تەماشای ئەنسکوپیدیای زمان بکەین لەهیچ زمانێ ناچێ جگە لە تورکی.سووکایتیش بە زمانی کوردی دەکەن و بە زمانی دانانێن کەچی زمانی کوردی خزمایەتی لەگاڵ هەموو زمانە زیندوو گەورەکاندا هەیە. قورئان ئەڵێ: بیخۆ نۆشی گیانیت بی دەسکەوتە تاڵانیەکانیێ کردوتانە ئەنفالی٦٩.

٢٠٠١.٥.٢مالمۆ

©kurdistanNet